www.kurdistannet.org
7-7-2006 16:10:42**بەکاتی ناوەندی ئەورووپا**

RMMK

**سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان**

**ڕێکخراوی مافی مروڤ لە کوردستان**

Rêxistina Mafê Mirovan li Kurdistanê

Human Rights Organization of Kurdistan

ناوەندی RMMK

## نامەیەک بۆ هەموو خەڵکانی جیهان: ویژدانەکانی وشیار: سەدان زیندانی کورد لە ڕەوشێکی دڵتەزێن دا دەژین

نامەی سەرۆکی ر.م.م.ک بۆ شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ناوەندی

ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان

بە سەدان زیندانی کورد

لە ڕەوشێکی نالەبار دا بە سەر دەبەن

بۆ شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بۆ ویژدانەکانی وشیار

لە کوردستانی ئێران، ئەو جێگایەی کە خەڵکی کورد خوازیاری مافەکانی نەتەوەیی و کولتوری پێشێلکراوی خۆیانن، زیادتر لە دوو دەیە، لە بەرامبەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ڕاگیراون، تا ئێستا بە هەزاران کەس قووربانی بوون، کووژراون، لە سێدارە دراون، یان زیندانی کراون. کۆمەڵێک دادگا لە سەر ناوی دادگاکانی شۆڕشی ئیسلامی بە بێ لە بەر چاو گرتنی بنەما و ستانداردەکانی دادوەری و قەزایی، لە کوردستان، سەدان کەسیان بە جووخەکانی ئێعدام سپاردووە و هەزاران کەسی دیکەیان بۆ ماوەکانی درێژخایەن، ڕەوانەی زیندان کردووە. دادگاکانی شۆڕشی بە بێ ئەوەی کە دەرفەتێک بە تاوانباران بدەن، بە بێ ئەوەی کە تاوانبار کراوەکان ئیمکانی هەبوونی پارێزەریان هەبێت و تەنانەت لە هێندێک نموونە دا تاوانبارکراوەکان بە بێ ئەوەی لە قسەی دادوەر تێبگەن، بە سزای لە سێدارەدان، زیندانی هەتا هەتایی، یان زیندانی درێژخایەن حووکم دراون. زیندانیە سیاسیەکانی لە بیر کراوی کورد کە ژوومارەیان ئێستاکە نزیک بە هەزار کەس تەخمین لێ دەدرێت، زۆربەیان بە



☒ گزارشگران سازمان.......................................................................www.prmmk.com
☒ پایگاه آموزش سازمان.......................................................................www.mafimirov.com
☒ تلفن دبیر : 0098-09125014785 ........................................... kabudvand@rmmk.org
☒ تلفن و فاکس دفتر: 0098-21-66368670............................................ info@rmmk.org
☒ تهران: صندوق پستی: 13465/188 ............................................. persian@rmmk.org

RMMK
سازمان دفاع از حقوق بشر کردستان
ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان
Rêxistina Mafê Mirovan li Kurdistanê
Human Rights Organization of Kurdistan

هاوکاری لە گەڵ پارتە کوردیەکان تاوانبار کراون.(لە لیست دا لە گەڵ ناوی ژووماره‌یه‌ک لە زیندانیەکان ئەم یەکە ئاماژەی پێ کراوە)

ئێمە وەک ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای دەربڕینی نیگەرانی خۆمان سەبارەت بە ڕەوشی سەدان کورد کە بە تاوانەکانی سیاسی و ئاسایشی هەر ئێستاکە لە زیندانەکانی ئێران دا ڕاگیراون و وێڕای نیشان دانی داخ و کەسەری خۆمان لە مەڕ ئەو نیگا ئاپارتایدییەی گرووپەکان، ڕێکخراوەکان و پارتەکانی سیاسی ئێرانی، لە ڕێفۆرمیستەکانی دەوڵەتییەوە بگرە، تا دەگاتە میللی- مەزهەبییەکان، نەتەوە پەرەستەکان، شاپەرەستەکان، چەپگرەکان و گرووپەکانی کۆمۆنیستی و کۆڕ و کۆمەڵەکان و کەسایەتیەکانی بەناوبانگ لە بابەت بەرگری کردن لە مافی مرۆڤی ئێرانی، لە بەرامبەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە کوردستان، داواکاری بە پەلەمان لە شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی ناونەتەوەیی پارێزەری مافی مرۆڤ هەیە کە وا کۆتایی بەم بێدەنگییە پڕ لە ئێش و ئازارەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان بهێنن و لە هەمبەر ڕەوشی دڵتەزێنی زیندانیە سیاسیەکانی کورد و پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەل و مەرجی دژواری کوردەکان لە ئێران، ئیستراتێژییەکی بەرپرسانە بگرنە پێش. ئێمە هەروەها بۆ ئەوەی دادگایەکی دادوەرانەی پێک بێت کە لە گەڵ ئیستانداردەکانی جیهانی یەک بگرێت و بە مەبەستی پێداچوونەوە بە سەر سزاکانی گیراوانی سیاسی و ئاسایشی و ئازادی زیندانیانی سیاسی، خوازیاری یارمەتی و هاوکاری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و ناوەندەکانی دیکەی ناونەتەوەیین.

تاران: دو شەممە 12ی تیر مانگی 1385 / 3ی جولای 2006

مەحەمەد سەدیق کەبوودوەند

سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان